# هێشتاش دەرفەت ماوە ئەگەر بیانەوێ

دەربارەی لەسێدارەدانی سەددامەوە

**نورەدین وەیسی**
noreldinwaisy@kurdishhouse.org

لەسێدارەدانی سەدام حوسێن‌ی پاڵەوانی شۆڤێنیستی عەرەبی، لەمێژووی نوێی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا رووداوێکی دەگمەن وبێ وێنەیە ،تەنانەت دەکرێ بەیەکێك لەگرنگترین رووداوەکانی نیوسەدەی رابردووی رۆژهەڵاتی ناڤینی بزانین،هەربۆیەش بەدەر لە ئاکام ودەرەنجامەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوەوئەوکوشتارەی بەدوای خۆیدا بەجێی هێشتووەو وێڕای پەیوەندی وپشتیوانی پێشووی ئەمریکا لە رژێمی سەدام حوسێن ورژێمە دیکتاتۆریەکانی تر لە نێوچەکەوجیهاندا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو راستییانەش ، بەرووخاندنی رژێمی بەعس ولەسێدارەدانی سەدام حوسێن –ئیدی لەپێناو هەرمەبەستێکدا بێت-،ناوی جۆرج بوش‌ی سەرۆکی ئەمریکا دەچێتە نێولاپەڕە پرشنگدارەکانی دیرۆکەوە بەوەی یەکێك لە خوێنرێژترین دەسەڵاتدارانی ناوچەکەی لەنێوبردوسەرەنجام داخێکی قووڵ وجەرگبڕیشی لەدڵی نەتەوەپەرستانی عەرەب بەجێهێشت .

وێڕای بایەخ وگرنگی لەسێدارەدانی سەدام بەڵام ئەنجامدانی بەوپەلەپەلیەوبەوشێوەیەی بینیمان ولەسەرتاوانی کوشتنی 148 کەسی دوجەیل، گۆلێکی گەورەی شیعەکان بوو لە کورد،ئەمە جگەلەوەی سووککردن وبێ نرخکردنی قوربانیانی جینۆسایدکردنی کوردیش بوو لەسەردەستی دەولەتی شۆڤێنیستی عیراقدا، بەداخەوە لەم سووکایەتیەدا دەسەڵاتدارانی کوردستان ودادوەرە کوردەکانی دادگاییکردنی سەدام ودارودەستەکەشی بەرپرسن، چونکە ئەگەر بەپێی زنجیرەی کاتی رووداوی تاوانەکانیش دادگاییەکە بەڕێوەچووبایە نەدەبوو بەدوجەیل دەست پێ بکات ،چونکە تاوانەکانی رژێمی بەعس دژی کورد لەرۆژی هاتنەسەردەسەڵاتییان بەتایبەتیش لەکۆتایی شەستەکانەوە دەست پێدەکات لە تێکدان وخاپوورکردن وسووتماککردنی کوردستان وراگواستنی دانیشتووانەکانیان بۆ بیابانەکانی باشووری عیراق.

بۆ دادگاییکردنەکە بەبۆردومانکردنی قەڵادزێ لەساڵی 1974 دەستی پێنەکرد کەسەدان کەسی بێ تاوانی تێدا بوونە قوربانی؟ ئەی چما بە هەوڵی کوشتن وپاکتاوکردنی رێبەری مێژوویی کورد مستەفا بارزانی دەستی پێنەکرد؟! بۆچی تاڵان ودەرکردنی کوردە فەیلییەکان لەسەرەتای هەشتاکانەوە نەبووە یەکەم کەیسی دادگاکە؟

دادوەر رزگار حەمەئەمین کە شێوازی بەرێوەبردنی دادگاییکردنی سەدام لەکاتی ئەودا جێگەی سەرنج ومشتومڕبوو ، دوای بێدەنگیەکی زۆر دوێنێ لە لێدوانێکیدا – خۆزگە هەر بێدەنگ بووایە- گوتی

لەسێدارەدانی سەدام قانونی نەبوو  ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی لەرۆژی جەژندا لەسێدارەدرا ،بۆزانیاریش ئەو قانونەی جەنابی دادوەر پشتی پێبەستووەو لەسێدارەدان لە رۆژی جەژن وبۆنەکاندا قەدەخە دەکات قانونی حکومەتی بەعسە، کاك رزگار کە تا ئەو ئاستە دڵی گەورە بوو بەرامبەر سەدام وبارزان وعەلی کیمیاوی وتاوانبارانی دیکە کەتەنانەت رێگەی پێدەدان سووکایەتیش بە داوالێکراوو قوربانییەکانیان بکەن، کەچی پێدەچێ دادوەر رزگار هیچ  بەلایەوە گرنگ نەبێت سەدام بەر لە کۆتاییهاتنی دادگایی ئەنفال ودەستپێکردنی دۆسیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەنێوبراو هەموو نهێنی وزانیارییەکانی بردە ژێرگڵەوە.

ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمانیشە رووداوێکی گرنگی وەك لەسێدارەدانی سەدام هەر هێندە لای ((سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان)) جێی هەڵوەستەلەسەرکردنە کەتەنها شایانی روونکردنەوەیەکی دوو سێ دێڕییە ئەویش بریتییە لە هیواخواستن بەوەی ئەم لە سێدارەدانە نەبێتە هۆی بەدێکۆمێنت نەکردنی ئەو تاوانانەی دژ بەکورد ئەنجامدراون ، لەکاتێکدا ئەوە دەسەڵاتی کوردستانە بەلێخۆشبوون لەئەنفالچیان ورێگەگرتن لەدادگاییکردنیان رێگە لە دێکۆمێنتکردنی ئەو تاوانانە دەگرن، مەگەر ئەوان نەبوون چەکی بێتاوانیان بۆ نزار خەزرەجی ئەنفالچی نووسی؟ ئەدی وەفیق سامەرائی تاوانبار راوێژکاری بەرێزجەلال تاڵەبانی نییەو هاوسەفەری نییە لەسەردانەکانی بۆ دەرەوەی وڵات؟ شێخ ئەدهەم بارزانی لەچاوپێکەوتنێکی ئەم دواییانەی میدیادا بەراشکاوی گوتی( (لە پەرلەمانی ئێمەدا کەسی واهەیە کاتێك سەدام حوسێن خیتابی خۆی داو گوتی ئەو هەشت هەزار بارزانیەم گرتن وموحاسەبە کردن و( وقد نالوا جزائهم الصارم وذهبوا الی الجحیم – سزای توندی خۆیان وەرگرت وچوونە دۆزەخ) ئێستاش بە فیلمی ڤیدیۆیی هەیە کەلەودانیشتنەی سەدامدا دانیشتبوون وچەپڵەیان بۆ سەددام لێداوەو دوای ئەوەی دانیشتنەکەش تەواو بووە لەبەردەرگا چەند هەزار دیناریان وەك تەبەروع داوەتە سەدام) میدیا 14/11/2006.

سەرەڕای نەمانی سەدام وسەرئەنجام ئاشکرانەبوونی زۆر نهێنی سەردەمی دەسەڵاتەکەی بەڵام هێشتاش ژمارەیەك تاوانباری دیکە ماون لەسەرووشیانەوە عەلی کیمیاوی کەئەگەر دەسەڵاتتدارانی کورد بیانەوێ هێشتاش دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی سەرنجی دنیا بەلای جینۆسایدکردنی کورد رابکێشن ودادگاییکردنەکەش لەو بێ سەروبەری وبێ بایەخیەی تێیدایە رزگاربکەن و داوای لێبوردنێکی فەرمیش بە دەولەتی عیراق دەربکەن لەبەرامبەر ئەوتاوانانەی دژی کورد کردوویەتی .

پەلەکردن لەلەسێدارەدانی سەدام هەرئەوەندە قازانجەی بۆکورد تێدایە کەگرژی وناکۆکییەکانی نێوان شیعەو سوننە هێندەی تر قووڵدەکاتەوەو ئیدی وردە وردە ئەو عیراقە نەعلەتییەی کە بەشی کورد تێیدا تەنها ئەنفال وجینۆساید بووە لە پارچە پارچە بوون نزیك دەکاتەوە.

شیعەکان هێندە پەیوەستی مەزهەبەکەیانن ورێز لەقوربانیەکانیان دەگرن کە زۆر زیرەکانە توانیان لەماوەیەکی کەمدا لادێیەکی نەناسراوونەبیستراوی وەك دوجەیل وەك سیمبولی چەوساندنەوی مەزهەبی خۆیان لەعیراقدا بەجیهان بناسێنن ،خۆزگە دەسەڵاتتدارانی باشووری کوردستانیش نیو هێندە ڕێزیان لە قوربانییەکانی تاوانەکانی  دەولەتی عیراق لە کوردستان دەگرت.

---

- **وەك لە میدیاکان بڵاوکرایەوە دیکتاتۆری لیبیا موعەممەر قەزافی جگە لە نیشاندانی ئەوپەڕی ناڕەزایی بەرامبەر لەسێدارەدانی سەدام بۆ ماوەی سێ ڕۆژیش پرسەی فەرمی راگەیاند وئاڵاکانی لیبیای داگرت، ئەمە بێجگە لەهەوڵەکانی ئایشەی کچی قەزافیش بۆ داکۆکیکردن لە سەدام لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا، دیارە نکوڵی لەوەناکرێت قەزافی چەندجارێك داوای دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانی کردووەو هاوکاری پارتە کوردستانییەکانیشی کردووە لە ساڵانی پێش نەوەدەکاندا ، دەرکەوت ئەو هاوسۆزییەی لەروانگەی بڕوابوون نەبووە بە ڕەوایی پرسی کورد دەنا هەنووکە ئاوا بە ئاشکرایی سووکایەتی بە هەزاران قوربانی بێتاوانی کورد ناکات، بۆیە پێویستە دەنگی ناڕەزایی خۆمان بە قەزافی وحکومەتی لیبیا بگەیەنین وپێویستە ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانیش ناوی ئەو جادەو باخە بگۆڕێت کەبەنێوی قەزافییەوە کراوەولەجیاتی نێوی ئەو دیکتاتۆرە درۆزنە با بەنێوی ئیسماعیل بێشکچی دۆستی دڵسۆزی کوردەوە بنرێت.**

- **سەمیر عادل-ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە وتارێکیدا دەربارەی لەسێدارەدانی سەدام دەڵێت ((سەرەڕای گاڵتەجاڕی دادگاییکردنەکەی وتاوانی بڕیاری لەسێدارەدان کەدژی هەموو پەیماننامە نێودەولەتییەکانی مافی مرۆڤە ،بەڵام سەدام لەسەرئەوە دادگایی نەکراولەسێدارەنەدرا چونکە هەزاران ئازادیخوازودیموکراتیخوازوکۆمۆنیستەکان وداکۆکیکارانی ئازادی بیروڕاومافەکانی مرۆڤی کوشت، لەسەرئەوەش دادگایی نەکراولەسێدارەنەدرا چونکە شاڵاوی پاکتاوکردنی بردە سەر ناکۆکیکارە سیاسییەکانی خۆی،سەدام حوسێن لەسەرئەوەش دادگایی نەکرا چونکە لەکانونی یەکەمی 2001 دەیان ژنی بەتاوانی لەشفرۆشی بە ستوونەکانی کارەباوە هەڵواسی)) سایتی الحوار المتمدن ،2/1/2007 جا سەرنج بدەن ئەو کۆمۆنیستە مرۆڤ دۆستە چۆن بێزی نایەت باسی ئەنفال وهەڵەبجە وتاوانەکانی تری دژ بە کورد بکات وناویان بهێنێت کەچی لەبیری ناچێت باسی لەشفرۆشەکان بکات ، دیارە قوربانیانی هەڵەبجە وئەنفال لای کۆمۆنیستی کرێکاری هێندەی سۆزانی ولەشفرۆشەکانیش ڕێزو نرخیان نییە . هەرلەهەمان وتاردا  تەنانەت سەمیرعادل  لەبیری ناچێت هاوسۆزی فەلەستینیەکانیش بکات کە بەدڵ وبەگیان لەگەڵ بەعس و سەدام بوون وهەنووکەش وەك زۆر عەرەبی دیکە پرسەیان بۆ**

داناوەوبەپاڵەوانی خۆیانی دەزانن لەمبارەیەوە دەڵێت ((ئەوانەی دڵیان بەلەسێدارەدانی سەدام خۆشە ئەوانەن کەدەستیان بەخوێنی گەلانی خۆیان وناوچەکەو جیهان سوورەو دەولەتی فاشیستی ئیسرائیل رۆژانە دەیان فەلەستینی سەردەبڕێت وقانونی رەگەزپەرستی وایان بەسەردەسەپێنێت کەهاوتای قانونە نازییەکان ودەسەڵاتی رۆدیسیای باشووری ئەفریکان) ) کەچی کۆمۆنیستی کرێکاری (عیراق !)خۆی لەهەموو کەسیش زیاتر بە دڵسۆزی خەڵکی کوردستان دەزانێت وداوا دەکات هەرئێستا لە عیراق جیا ببێتەوە بەڵام ئامادەش نیە وەك چۆن هاوسۆزی لەشفرۆش وفەلەستینییەکانیشەو باسی مەینەتی وکارەساتەکانیان دەکات ئاواش ئاماژە بە کارەساتەکانی کورد بکات ونیۆیان بێنێت !